# بۆ بەرگری لە ئازادی ڕۆژنامەگەری وەرنە مەیدان

**ئازادیخوازان ...............**

**ڕۆژنامەنوسان ............**

**هەمووئەوانەی بۆبەرگری لەئازادیی ڕادەربڕین دەنگامان هەڵبڕی .................**

**وەك ئاگادارن پەڕلەمانی کوردستان خەریکی بە یاسیکردنی پڕۆژە یاسایەکە بۆ کاری ڕۆژنامەنوسی**

**هەروەك ئاگادارن ئێمە دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین ، بەو پێیەی پێمانوابوو کە ئەو پڕۆژە یاسایە پڕۆژەیەکی دواکەوتوە و ئازادیی ڕۆژنامەگەری بەرتەسك دەکاتەوە و ڕێگری جدی دەخاتە بەردەم ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان . وە ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەی خودی ڕۆژنامەنوسان نیە , وەبۆ بەرگرتن بە بەیاسایی بوونی ئەو پڕۆژیە و هەڵوەشاندنەوەی ، لە ڕێگەی کەمپینێکەوە کە لەم پێناوەدا بەڕێمان خستوە خۆشبەختانە توانیمان پشتیوانیەکی گەورەی ڕۆژنامەنوسان و ئازادی خوازان بۆ بەرگری لە ئازادی فکر و قەڵەم بەدەست بێنین . دوای ئەوەی نارەزایەتی ئازادیخوازان کارێکی کرد کە پەڕلەمان نەتوانێت ژێربەژێر و بەئاسانی یاسا بۆ بەرگرتن بە ئازادیی ڕۆژنامەنوسی بسەپێنێت , بۆ وەڵام دانەوە بە نارەزایەتیەکان دژی ئەو پڕۆژە یاسایە وەك چۆن بەر لەوەی ئەم پڕۆژەیە بخرێتە بەردەم پارلەمان ، سەندیکای ڕۆژنامەنوسان ڕاو پێشنیاری "ئەندامەکانی خۆیی " لەسەر پڕۆژەکە وەرگرت و بەڵام دواتر بەهێند وەری نەگرت , ئاوهاش پەرلەمان لەژێر ناوی وەرگرتنی ڕاو سەرنجی ڕۆژنامەنوسان لەسەر پڕۆژە یاساکە بانگێشتی دەستەیەك لە ڕۆژنامەنوسانی کرد و دوای ئەوەی ڕاو پیشنیارەکانیانی وەرگرت, بەڵام لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا ئەوانیش بە هێند وەرنەگیران . و ئەگەر گۆڕانکاریەکیش کرابێت گۆڕانکاریەکی زمانەوانیە و هیچی لە دواکەوتویی ناوەرۆکی پڕۆژەیاساکەی نەگۆڕیوە , بە پێچەوانەوە لەناو هۆڵی پەرلەماندا ڕۆژبەڕۆژ پێشنیارات و بەندی خەتەرتر دەچێتە سەر پڕۆژە یاساکە وەك ئەمڕۆ بینیمان پەڕلەمان دەنگیدا بە داخستنی ڕۆژنامەکان و پێچانەوەی ژمارەکانیان لە بازاڕدا ئەگەر هاتو هەواڵی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانیان بڵاوکردەوە ،یان بانگەوازیان بۆ کرد . کەدەسەڵاتداران بە (فەوزا ) ناوی دەبەن کە ئەم بیانوانەش زۆر کۆنن ، هێشتا بەو قەید و بەندانە ڕازی نین کە ئەو پڕۆژەیە بۆ ڕەوشی ڕۆژنامەنوسی لە کوردستان دروستی دەکات . هەروەك پێشتر دەستەکەی ئێمە ئەمانەی بەڕۆشنی ڕاگەیاندبوو . بۆیە ئێمە پێماوایە تەنها ڕێگە بۆ دیفاع لەئازادی ڕۆژنامەنوسی کە لەبەردەم ڕۆژنامەنوسان و ئازادی خوازانی کوردستانداهەبوە و هەیە هاتنە مەیدان و بەرزتر کردنەوەی ئەودەنگەیە کە پێشتر بۆ بەرگرتن بەو پڕۆژە یاسایە و هەڵوەشاندنەوەی لەلایەن ئازادیخوازانەوە بەرزبویەوە , ئەم کارەش پێویستی بە کۆبونەوەی ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازانی کوردستانە لەدەوری یەك و کاری یەك دەست و یەك دەنگی بۆ بەرگری لە ئازادیی تابتوانین پاشەکشە بە پڕۆژە یاسایەك بکەین کە ڕۆژنامەکان دادەخات و زمان و قەڵەمی ڕۆژنامەنوسان دەبەستێت ، وە بتوانین بە جوهد و پشتیوانی خۆمان یاسیەکی مەدەنی و پێشکەتوخواز لەجێگەیدا دابنێین کە تەواوی ئازادی بۆ ڕەوشی ڕۆژنامەنوسی لە کوردستان فەراهەم بکات .**

**نا بۆ هەر یاسایەکی دواکەوتوو و کۆنە پەرستانە**

**بژی ئازادی بێقەیدو شەرتی ڕادەربڕین**

## دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین

2007\12\11